# (بەشێك لەبرووسكەكانی ژیان)

# ئیستاتیكای دواندن

د.فوئاد رەشید




(بەشێك لەبرووسكەكانی ژیان) ناونیشانێكی سەرەكی چەند كۆپلە شیعرێكی نێو كۆشیعری (ئۆپەرێتەكانی هەزارەی سێیەم)و (بورهان ئەحمەد)ی شاعیرە، كە لەچوارچێوەی زنجیرەی كتێبی (گزنگ) ژمارە (10) لەساڵی 2005 لەلایەن لقی كەركوكی یەكێتی نووسەرانی كوردەوە بڵاوكراوەتەوە.

هەڵبەتە ئەزموونی ئەدەبیی دەقەكانی (ئۆپەرێتەكانی هەزارەی سێیەم) دەكرێ خوێندنەوەی رەخنەیی جیاجیان بۆ بكرێت‌و لەچەند ئاستێكی جیاوازدا سیماو بنەمای رەهەندە ئیستاتیكی‌و مرۆڤایەتییەكانی شیبكرێتەوە.

لەشاعیری ناوبراوو خوێنەریشی ناشارمەوە، من لە(ئۆپەرێتەكانی هەزارەی سێیەم)دا، تەكنیكی داڕشتن‌و شیانی سیمانتیكی دوو دەق: (خرۆشانی بێدەنگی)و (بەشێك لەبرووسكەكانی ژیان) زۆر بوونە جێگا سەرنجم‌و وایان لێكردم بەدیاریانەوە رابوەستم‌و لێیان رابمێنم.

لێرەداو لە گۆشەنیگای خوێندنەوەیەكی رەخنەییەوە،

کەمێك لە(بەشێك لەبرووسکەکانی ژیان) ورد دەبینەوە بەر لەکاری ئەم خوێندنەوەیەش، جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە بەندە یەکەم کەس نییە، کەوتبێتە ژێر کاریگەری سیحری ئەم برووسکە شیعرانەی (بورهان ئەحمەد)ەوە، بەڵکو کاتی خۆی هەر یەکسەر لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم برووسکانەی کاك (بورهان) لەساڵی 2000[1]، کاك (بەکر دەروێش)ی نووسەر، لەسەر هەمان شێوازو لەژێر کاریگەری برووسکە شیعرییەکانی کاك (بورهان)داو هەروەکو جۆرە وەڵامدانەوەیەکی ئەم بروسکانەیش، چەند کۆپلە شیعرێکی بەناونیشانی (بەشێك لەبرووسکەکانی مەرگ)[2] بڵاوکردەوە. برووسکەکانی کاك (بەکر دەروێش) لەڕووی مەبەستو ماناو رامانەوە ئۆپەرێتی برووسکەکانی کاك (بورهان) بوون، بەڵام لەڕووی تەکنیکی دارشتنەوە، لاسایکردنەوەی شێوازەکەی کاك (بورهان) بوو.. لێرەدا بەر لەقسەکردن لەئیستاتیکای ئەم برووسکە شیعرییانە پێمان باشە کە دەقی برووسکەکان بنووسینەوە:

**بەشێك لەبروسکەکانی ژیان**



لەگەڕەکی وەفاوە بۆ شار ی یەڵدا
من و تۆ هەر دەبێ دەستەو یەخەبین
*　　*　　*
لەژنێکەوە بۆ مێردەکەی،
مایەی بێزارییە ژیان
لەنێوان موبەق و منداڵ بەخێوکردندا
*　　*　　*
لەپیرێکەوە بۆ گۆچانێك
قەزوانە تەزبیحی ددانەکانم
چەند زوو هەڵوەرین
چەند خێرا گۆرانییەکانم پیربوون
*　　*　　*
لەگوڵێکەوە بۆ کچێك
حەسوودیت پێدەبەم
*　　*　　*
لەکوژراوێکەوە بۆ گوللەیەك وێڵ
پڕ بەدڵ سوپاست دەکەم
*　　*　　*
لەنیگایەکەوە بۆ تریفەی مانگی چواردەیەك
ئاوها گەماڕۆت دەدەم
*　　*　　*

لەمەڵۆی پرچێکەوە بۆ شەوێك
ئەم رەشێنیەم بۆ لێدەدزی؟
*　　*　　*
لەدڵێکەوە بۆ زمانێك
ئەم دووریەت کوشتمی
*　　*　　*
لەعاشقێکەوە بۆ (.. )
دەمرم و ناگەم بەتۆ
*　　*　　*
لەقەڵەمێکەوە بۆ دەفتەرێك
خۆ بێزار نیت لەفرمێسك و خوێنم؟
*　　*　　*
لەکۆرپە کچێکەوە بۆ قەیرەیەك
شەقامە چڵێسەکان بێزاریان کردووم
*　　*　　*
لەدەفتەرێکەوە بۆ قەڵەمی دەستی شاعیرێك
سنگم هەڵدڕە
*　　*　　*
لەکێڵگەیەکەوە بۆ تەڵێك گیا
ئای کە لێوت تەڕە
*　　*　　*
لەپەنجەرەیەکەوە بۆ ئینجانەی تابووتی "کۆلیۆسێك"
تۆش بمری دالیاکان ئەمێنن
*　　*　　*
لەدارستانێکەوە بۆ دەنکە شقارتەیەك
تۆ مایەی ئەم هەموو سوتانانەی
*　　*　　*
لەدار گوێزێکەوە بۆ گوڵە نێرگزێك
لەچ خاکێکەوە ئەم هەموو نازەت دەستگیر بوو؟
*　　*　　*
لەباخچەیەکی شوشە بەندەوە بۆ تەڵێك پوونگە
نیگات پڕە لەعەتر
*　　*　　*

لەوشەیەکەوە بۆ کۆپلەیەك شیعر

توخوا لەبیرم مەکە

* * *

لەدایکێکەوە بۆ شەهیدێك

جلەکانت هێشتا هەڵواسراون

* * *

لەماڵی ئەمەکەوە بۆ کوچەکانی خیانەت

ئێوە چەند گەمژەو نەفامن

* * *

لەپەپولەیەکەوە بۆ باخچەیەك

تکایە ناوم لەلیستەکانی فڕینا مەنووسە

* * *

لەیاقوتێکەوە بۆ لێوێك

تۆزقاڵێك لەو سووریيەتم پێ ڕەوا ببینە

* * *

لەئەڵماسێکەوە بۆ گلێنەیەك

بەشێك لەدرەوشانەوەی خۆتم بدەرێ

* * *

لەشەوێکەوە بۆ شەوبۆیەك

کلیلی روناکیم لەچنگی تۆدایە

* * *

لەشاعیرێکەوە بۆ پەپولەکان

بەمن بێت هەمووتان

لەمێرگی سنگمدا حەشار بدەم

* * *

لەچیرۆك نوسێکەوە بۆ هەرچی مامز هەیە

خۆزگە بمتوانیبا، گشتان بهێنمە هەیوانی حەوشەکەم

* * *

لەدەرگای قەفەسێکەوە بۆ کەناریيەك

پڕ بەدڵ پێم خۆشە

دەرگاکانم بخرێتە سەر پشت

* * *

لەدەریایەکەوە بۆ کانیەك
فێری سەمای تریفەییم ناکەی؟
*   *   *
لەکتێبخانەیەکەوە بۆ ڕەفەکانی
شانازی بەکامتانەوە بکەم؟
*   *   *
لەمنەوە بۆ منەکان
گلەییم لێتان هەیە

کۆلیۆس: جۆرە ڕووەکێکی بەر سێبەرە جوانیەکەی لەگەڵاکانیدایە
چونکە زیاتر لەرەنگێکی هەیە
رۆژنامەی هاوکاری 2000/8/8

تێبینی دەکرێت ئەم دەقە لەسەر بنەمای دواندن دامەزراوە، بەڵام دواندنێکی هونەرییانە، بەو مانایەی شاعیر لەئەندێشەی خۆی‌و هەر خۆیشی داڕێژەری سیناریۆی ئەم دواندنەیە.

شاعیر لەم گەمە هونەرییەدا لەدوو دیمەندا کرداری دواندن بەرجەستە دەکات:

دەرەکی‌و ناوەکی. لەڕووی دەرەکییەوە ئەوە شاعیرە لەنێو رواڵەتە رەنگاوڕەنگەکانی ئەم بوونەوەرەوەو لەنێو دنیای ئەم ژیانە چڕو بەیەکداچووەدا، پەنجە بۆ چەند دیاردەو ماتەرو گرتەیەك درێژ دەکات، ئینجا لەڕووە ناوەکییەکەیدا رواڵەت‌و هەبوونەکانی سروشت لەنێو خۆیاندا بەقسە دەهێنێت.

هەڵبەتە لەهەردوو دیمەنەکەشدا (ناوەکی‌و دەرەکی) تارمایی شاعیر، لەپشت‌و لەدووتوێی پەیڤەکانەوە دیارو نادیارە. دەنگی خۆی تێکەڵ بەدەنگی (قەڵەم‌و وەفاو پەپوولەو دەریاو پیرێك‌و کچێك‌و..هتد) کردووە. واتە لەزۆربەی کۆپلەکاندا شاعیر بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆو بەدەربڕینی کورت‌و لەڕێگای بەقسەهێنانی رواڵەتە بێدەنگەکاندا، دەنگی خۆی لەدووتوێی پەیامێکدا بەگوێی (پەیامگر)دا دەچرپێنێ.

***شێوازگەریی کورتکردنەوە:**

هەڵبەتە برووسکە شیعرییەکانی (بورهان ئەحمەد) دەکرێ لەڕووی تەکنیك‌و ناواخنی پەیامەکانیانەوە قسەیان لەسەر بکرێت.

ئاشکرایە شاعیر لەم برووسکە شیعرییانەدا هەوڵی‌داوە لەکەمترین پەیڤ‌و کورتترین دەربڕیندا مەبەستی خۆی بپێکێت. پێمان وایە لەزۆربەیانیشدا مەبەستی خۆی پێکاوەو ستراتیژییەتی بونیادی هونەریی کارەکەی خۆیشی پاراستووە، دەکرێ ئەم راستییە لەم نموونانەدا بەدی بکرێت:

1.جوانی: جوانیی وەك بابەتێکی نێو ئەزموونی ئەدەبیی دەق، زۆر جار ئامادەبوونی خۆی بەرجەستەکردووەو شاعیرانی کۆن‌و نوێ شیعرییان بۆ هۆنیوەتەوە، دیارە هەر کەسەو بەزمان‌و شێوازی خۆی.

(بورهان ئەحمەد) دەڵێ:

**لەدەریایەکەوە بۆ کانییەك**
**فێری سەمای تریفەییم ناکەی؟!!**

**خوێندنەوەی ئەم برووسکە شیعرییە شیعرەکەی (گۆران)ی وەبیرهێنامەوە کە گوتوویەتی:**

**کانییەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەو**
**لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو،**
**جوانترە لەلای من لەدەریای بێسنوور**
**شەپۆلی باتە بەر تیشکی رۆژ شڵپ و هوور**

**تایبەتمەندیو جیاکاری برووسکە شیعرییەکەی (بورهان) لەبەرامبەر ئەم شیعرەی (گۆران)دا لەوەدایە کە (بورهان) کورتتروو ناڕاستەوخۆتر گوزارشتی لەهەستو بۆچوونی خۆی کردووە، ئەوەی زیاتریش دەقەکەی جوانترکردووە، ئەوەیە کە شاعیر لەسەر زاری (دەریا)وە پەیامی خۆی ئاراستەی (پەیامگر) کردووە.**

2.**جوانی ئافرەت:**

**سەرسام بوون بەجوانیی ئافرەتو پیاهەڵدان بەشۆخو شەنگی یار هەمیشە بابەتێکی سەرەکی دنیای شیعرو شاعیران بووە. ئەم بابەتە زۆر جار لەڕێگای هاوکێشەی (گوڵ-کچ (یار))ەوە بەرجەستەکراوە:**

**(سالم) گوتوویەتی:**

**بەنەزاکەت نییە گوڵ وەك بەدەنت**
**غونچە دڵ تەنگە لەحەسرەت دەهەنت**[3]
**(حەریق) گوتوویەتی:**
**گوڵ بەتۆزی پێتەوە لاف و گەزافی لێدەدا**
**وا شوکر سۆزەی نەسیمت هات و ئەویشی لێستاند**[4]
**(بورهان ئەحمەد)، لەدەربڕینێکی زۆر کورتدا گوتوویەتی:**
**لەگوڵێکەوە بۆ کچێك**
**حەسوودیت پێدەبەم**

**ئەوەی شاعیرانیتر بەیەك دوو (بەیت)و چوارینەیەك دەریانبڕیوە، (بورهان) بەرستەیەك دەریبڕیوەو وردەکاریی وەسفەکانی لەپشت وشەکانەوە داناوەو بواری بۆ (خوێنەر-پەیامگر) هێشتۆتەوە هەرچی وەسفی جوانو قسەی نێو دڵی هەیە، بەتەنیشت دەقە شیعرییەکەوە دایبنێت.**

روویەکی ئیستاتیکییانەی ئەم برووسکە شیعرییانە لەوەدایە کە شاعیر جگە لەڕێگای کەسانی دی (ژن، مێرد، چیرۆکنووس، شاعیر)کچ..هتد پێکەوە پەیامی خۆی ئاراستەی ئەوی دی دەکات، دوو کەرەستەو ئامرازی دیکەیشی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە. یەکێکیان بریتییە لەڕواڵەتەکانی نێو سروشت وەك (دارگوێز، گوڵ، دەریا، کێڵگە..هتد) دووەمیانیش بریتییە لەچەمكو بەها ئاکاریو مرۆڤایەتییەکانییەوە، وەك (وەفا، خیانەت، ئەمەك..هتد).

شاعیر لەم گەمە ئیستاتیکییەدا ستراتیژییەتی کورتکردنەوەو چڕکردنەوەی زمانی دەربڕینی راییکردووە، هەر ئەمەیش بووەتە تایبەتمەندی شێوازی شاعیرو لەم دواندنەی دەوروبەر، بەمرۆڤو سروشتو جڤاکیشەوە، چەندین وێنەی هونەریی و پەیامی فیکریو فەلسەفی پێشکەش کردووە.

**پەراوێزەکان:**

1.بورهان ئەحمەدی شاعیر بۆ یەکەم جار (بەشێك لەبرووسکەکانی ژیان)ی لەڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(3342)ی رێکەوتی 2000/8/8 بلاْوکردەوە.

2.بڕوانە: رۆژنامەی (هاوکاری)، (3354)ی 2000/8/29، ل4.

3.د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، ل128.

4.هەمان سەرچاوە، بەرگی چوارەم، ل431.